# تاج و تەختی ژێردەسێتیت بۆچیە !؟

## کامیل ژیر

تۆ کەتێر و دەوڵەمەند و پێشەوا یا رابەرێبی

نان و خوانی ناکەسانت بۆچیە؟

با سەرێ یا ئەفسەرێبی، بۆ دژانت نۆکەرێبی

ناوو ئەستێرە و نیشانت بۆچیە؟

★

گەر لەکۆڕێکی سەرانا، سەرنەوی یا دابڕابی

تۆپ و لافی خانەدانیت بۆ چیە؟

پارە هەر بۆ پارەبێ، ئێشکگریبی، تاکو مابی

بێ دراویت، پاسەوانیت بۆچیە؟

★

مەی کە سەرخۆشت نەکات و بۆ خەم و ئاشووب و شەڕبێ

پێکی تاڵی ژاری مارت بۆچیە؟

کۆچ و بارت بێ کەسێك و دوورەخاك و بۆلەوەڕبێ

ساز و تاری راگوزارت بۆچیە؟

⋆

باوەڕێ نەتخاتە سەر ڕێ ورشەداری مایەخەمبێ

ئاگری ئەو بیرە تووشەت بۆچیە؟

نازەنینێ دڵ نەبەخشێ، خاتو زینی کاکەمەمبێ

ئاوەڵێتی بووکەشووشەت بۆچیە؟

⋆

بێ دەسێکی ئاوەدان و بێ دەمێ ناوت بهێنێ

ماڵی زۆری بێ شومارت بۆچیە؟

کەم بژی تۆ کەڵ بژی تا یادگارێکت بمێنێ

کوڵ و باری ڕۆژگارت بۆچیە؟

⋆

بێ بەرامە و بۆنی سینەی، باهەواری سەرچڵیبێ

شاگوڵی دەستی نەیارت بۆچیە؟

بارەگاکەت شێوەکاری باڵەخانەی (بابل) ێبێ

بێ (ئومێد)ێ لالەزارت بۆچیە!؟★

★

دایکەکانی رۆڵەکوژراو تاکو ئێستەش لێوبەبارن

ئاهەنگی سووری شەوانت بۆچیە !؟

دوژمنانت کەرت و پەرتن بێئەمانن گورگی هارن

ناوبژیوانیی ئەوانت بۆچە !؟

★

گەل بەکامی دڵ نەبێتە پاسەوان و پشتیوانت

دیوەخانی بێکەسێتیت بۆچیە !؟

بێ قەوارەی سەربەخۆیی و یەکتەنێتی نیشتمانت

تاج و تەختی ژێردەسێتیت بۆچیە !؟

---

★ بابل: مەبەست لەباخچە هەڵواسراوەکانی بابلە

ئومێد: ئەو ئافرەتە کوردەبوو کە پاشای بابل خواستی و باخچەهەڵواسراوەکانی بابلی بۆ کرد.